# بۆ دۆکتۆرێکی نائومێد

حەمەسەعید حەسەن

کۆتایی ساڵی 1982 دەروێش ئاغای برای فەتاح ئاغات ئاگادار کردبووەوە، مەفرەزەیەک بنێرێت و لاقێکم بشکێنن، بەعس ڕاوی نەنابام، هیچ دوور نەبوو، هەنووکە یەکلاق بوومایە، ئێستا کە شارستانییانە ڕەوتار دەکەیت و قاپیی دادگام لێ دەگرێت، دەبێت ستایشت بکەم. تۆ ئەگەر دۆکتۆرێکی ڕاستەقینە بایت، هانات بۆ درۆهەڵبەستن نەدەبرد. دۆکتۆر پێویستە قسەی هێندە ڕاست و دروست بێت، وەک سەرچاوەی باوەڕپێکراو، کەڵکی لێ وەربگیریت. بە ڕاست دەتوانیت بیسەلمێنێت جنێوم بە فەتاح ئاغا دابێت؟ ئەوە تۆیت سووکایەتیت بەو کردووە، ئەگەر نا، بە سەنگەری نەیارانییەوە پێوەست نەدەبوویت.

* دەتوانیت بۆمی ڕوون بکەیەوە، لەبەر چی کاژیک بە بەیاننامەیەک، لە ١٩٧٥/١/٢٥دا، لە ڕیزەکانی خۆی دەرکردیت؟

* دەتوانیت پێم بڵێت، چۆن بە چاوپۆشین لە بەرزی تەمەنت و نزمیی نمرەت، سەروەختی دەسەڵاتی بەعس لە کۆلیژی ئاداب وەرگیرایت؟ دەزانیت منیش ویستم لە کۆلێژی ئاداب، بەشی ئینگلیزی بخوێنم، گوتیان پسووڵەی قوتابییانی بەعس بهێنە و ئۆکەی، بەڵام ئەزی بالام پێی گوتم، نەکەی!

* دەتوانیت بۆمی ڕۆشن بکەیەوە، چۆن هاوزەمان خوێندکاری زانکۆ و کارمەندی میری بوویت، لە کاتێکدا بە گوێرەی بڕیاری بەعس، (الجمع بین الوظیفة و التلمذة) قەدەغە بوو؟

* بە ڕاست ساڵی خوێندنی ١٩٨٣/ ١٩٨٤ت، ئەگەر لەگەڵ بەعسدا هاوپشتوێن نەبوویت، چۆن نەفەوتا؟ لە کاتێکدا ئەو ساڵەی هاوپۆلەکانت، چونکە دژی پۆشینی پۆشاکی سوپای میللی، ڕا بوون، فەوتا؟

دەزانیت ئەوە نیشانەی لاوازیتە کە هانا بۆ بارزانی و گۆڕی فەتاح ئاغا دەبەیت؟ ئەگەر هەڵوێستت بەهێز بووایە، پێویستت بە کێلی شەهید و سایەی حیزب و دەسەڵاتی سەرۆک! نەدەبوو. من هێشتا حەوجەم بەوە نەبووە، لە حیزب، یان لە سەرۆکەکەی بپرسم: بێ زەحمەت سەعات چەندە؟ من و تۆ هەردووکمان دواکەوتووین، من لە سەربازی و تۆ لە بواری بەگەڕخستنی ئاوەزدا. من بۆ نووسینی تەنز هەمیشە پێویستم بە کەسایەتییەکی وەک تۆ دەبێت، تا ئیلهام لە ژیانییەوە وەربگرم. کەسانی خۆت ئاسا نەبان، کەرەسەی نووسینی ساتیرم، چۆن پەیدا کردبا؟

من بەندیخانەی کوردستانێکی سەربەخۆم، لە گوڵستانی تاراوگە پێ دڵگیرترە، وەلێ بڕوات هەبێت، لە ساڵی (1992)ەوە، شەقێکی مزرم لە تۆپی عێراقیبوونی خۆم هەڵداوە، من ئەوە دوازدە ساڵی ڕەبەقە، تەنیا هاووڵاتیی سوێدم و بەس، زۆر پێشتریش پێم شەرم بووە عێراقی بم. کە دەستی دادگای هەولێری سەر بە عێراق، لای کەم تا دوو ساڵی دیکە، بە کوردێکی دانیشتووی مەخموورا نەگات، ئیدی چۆن تا دوو مانگی تر، دەگاتە منی باکووری دنیا نشین؟ بەڵام من کە خۆت ئاسا هانا بۆ بوختان نابەم، لەبەر ئەوە نییە، کە لە دادگای هەولێرەوە دوورم، لەبەر ئەوە نییە کە درۆکردن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، خەوشە، تەنیا لەبەر ئەوەیە، منی بالام کە بەردەوام چاودێرێکی بێدارە بە سەرمەوە، ڕێم پێ نادات درۆ بکەم. ئەوە ویژدانمە بوارم نادات، دەست بە داوێنی درۆوە بگرم، نەک ترس لە ئاشکرابوونی دەستم، نەک ترس لە بڕیاری دادیاری هەولێر. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە کاریگەرێتیی نووسینم دڵنیاتر دەبم، ئەوە نییە ستوونێکم، گومانلێکراوان هەراسان دەکات؟

2004. 03. 04

www.kurdistannet.org